درکپێکردنی وێنەی هزری لەوێنەی شیعریدا - عەبدوڵا پەشێو - بە نموونە

م ی. بەهرە سلام حم غریب
زانکۆی هەڵەبجە/کۆلێژی پەروەردەی شارەزور/ بەشی کوردی
Email: bahra.hamagharib@uoh.edu.iq
م ی. شیلان ئەحمەد ئیسماعیل
پەیمانگای گەشەپێدانی پەروەردەیی گەرمیان/ بەشی کوردی
Email: kakany80@gmail.com

وشە کلیلییەکان : درکپێکردن , وێنەی هزری , وێنەی شیعری

## ملخص البحث

هذا البحث بالعنوان (ادراك الصورة الذهنية من خلال الصورة الشعرية ) ،من خلاله تم اظهار كيفية ادراك الصورة الذهنية لدى الشاعر ،في هذا الصدد يقوم الباحث بالتحديد بعض المبادىء والفرضيات ،على السبيل المثال ،ما هو الصورة الذهنية وكيف ارتسمت الصورة الذهنية في الذهن ،وما هو الصورة الشعرية ،وكيف يمكن ادراك الصورة الذهنية من خلال صورة الشعرية وكيف يمكن ايصالها الى المتلقي والقاريء ،الذي من خلاله يمكننا تجسيد وفهم احاسيس و قصد الشاعر . غرض من هذا البحث ،تحليل وبحث ودراسة الفرضيات الموضوع (الصورة الذهنية) ،في مجال العلم الدلالة المعرفية (الادراكية ) ،البحث ، بدوره يتكون من محورين : المحور الاول :بالشكل عام يتضمن دراسة الصورة الذهنية وكيفية ترسيمها في الذهن ،وكيفية ادراكها وتعرف عليها ،لذلك قمنا ببيان وتوضيح عمل كل من المعجم الذهني ونموذج الذهني و دراسة معلوماتية و خصائص الصورة الذهنية وعمليات ادراك العقلية .

المحور الثاني :بالشكل العام يتضمن دراسة الصورة الشعرية ،واختلاف بين الصورة الشعرية والذهنية،وفي الامثلة الشعرية المتجسدة قمنا بتوضيح عملية ادراك الصورة الذهنية لدى الشاعر من خلال الصورة الشعرية ،وتطبيقها في بعض نماذج الشعرية للشاعر (عبدالله بشيو)

**Summary**

This research is under the title of «perception of the mental image through the poetic image», through which was shown how to recognize the mental image of the poet, in this regard the researcher specifically some principles and hypotheses, for example, what is the mental image and how the mental picture has been in mind, What is the poetic image, how can the perception of the mental image through the image of poetry and how it can be delivered to the recipient and reader, through which we can reflect and understand the feelings and intent of the poet. The purpose of this research is to analyze, examine and study hypotheses in the field of cognitive science. We have adopted the analytical descriptive method for the purpose of clarifying the concepts, terms and scientific subjects. The research, in turn, consists of two axes:

The first axis: the general form includes the study of mental image and how to delineate it in the mind, and how to recognize and know, so we have made a statement and clarify the work of both lexicon mental and mental model and study of information and characteristics of mental image and cognitive processes.

The second axis: the general form includes the study of the poetic image, and the difference between the poetic and mental image, and in the poetic examples embodied we illustrate the process of perception of the mental image of the poet through the poetic image, and applied in some poetic models of the poet (Abdulla pashew).

**پێشەکی:**

لەم توێژینەوەیەدا ,کردەی درکپێکردنی وێنەی هزری لە وێنەی شیعریدا خراوەتەڕوو ,کەتێگەیشتنمان لەزماندا بۆ دەهێنێتەئاراوە ,لەبەرئەوە بەپێویستمان زانیوە ,کەباس لەوێنەی هزری و وێنەی شیعری بکەین ,هەروەها چۆنیەتی درکپێکردنیانمان خستووەتەڕوو ,ئامانج لەتوێژینەوەکە هەوڵێکە بۆشیکاری ولێکۆڵینەوە لەبواری وێنەی هزریدا ,تەوەری سەرەکی توێژینەوەکەمان کارکردنە لەچوارچێوەی زانستی زمانی درکپێکردندا ,کە ئایە کردەی درکپێکردنی وێنەی هزری و وێنەی شیعری پشت بەچی دەبەستێت ,توێژینەوەکە جگە لە پێشەکی و ئەنجام لەدوو تەوەر پێکهاتووە :

تەوەری یەکەم: وێنەی هزری و تێگەیشتن لەزماندا .

١/١- وێنەو وێنەکاری لەزماندا.

٢/١- وێنەی هزری.

٣/١- فەرهەنگی ئاوەزی .

٤/١- مۆدێلی ئاوەزی.

٥/١- زانیاری.

٦/١- وێنەی هزری ودرکپێکردن .

**تەوەری دووەم : درکپێکردنی وێنەی هزری لەوێنەی شیعریدا .**

١/٢- ناوەکی بوون و دەرەکی بوونی وێنە.

٢/٢- وێنەی شیعری.

٣/٢- جیاوازی نێوان وێنەی هزری ووێنەی شیعری.

٤/٢- لەچەند نموونەیەکی شیعریی(عەبدوڵا پەشێو)دا چۆنیەتی درکپێکردنەکانمان خستووەتەڕوو.

وشە کلیلییەکان : درکپێکردن , وێنەی هزری , وێنەی شیعری

تەوەری یەکەم: وێنەی هزری و تێگەیشتن لەزماندا.

بەمەبەستی چۆنیەتی ڕێکخستن و پێکەوەهاتنی کەرەستەکان و گەیاندنی واتا ومەبەست ,دواتر درکپێکردن و گەیشتن بەوێنەی هزری ,پێویستمان بەزانیاری و نەخشە و پلاندانان هەیە ,بۆ ئەم مەبەستەش گرنگترین شت وێنەکارییە ,کەوادەکات لەکاتی پەیوەندیکردندا تێگەیشتنەکان ئاسانترین ,زووترتێگەیشتن ودرککردنمان بۆپەیوەندیکردن ولێکۆڵینەوە شیکارییەکان هەبێت.

### ١/١- وێنەو وێنەکاری لەزماندا.

وێنەو وێنەکاری لەزماندا پێویستییەکی ناچارییە,واتە ئەگەر وێنەکاری نەبێت تێگەیشتن و درکپێکردن نایەتە ئاراوە ,بەهۆیانەوە ڕووداو وکەرەستەکان دەناسرێن ,هۆکارێکن بۆبەکارهێنان و دەربڕینی هێماکان ,هەڵبژاردن و ڕێکخستن وپێکەوەهاتنی هێماکانش پشت بە زانیاری ولێهاتووی و توانای کەسەکان دەبەستن.

هێما چییە؟

هێماکان بریتین لەونیشانانەی ,کەمرۆڤ لەسەر بەکارهێنانیان ڕێککەوتووە ,بەرامبەر ئەو شتانەی لەدەوروبەردان ,بەمەبەستی جیاکردنەوەی شتەکان لەیەکتر ,گەیاندنی ئەو بیرەی لەمێشکدایە ,هێما بۆتێگەیشتن و لێکدانەوەی واتاکان لەهەموو بوارەکاندا یارمەتی مرۆڤ دەدات.


کەواتە هێما لەگەڵ ژیانی مرۆڤدا بەردەوامە ,چونکە هەمیشە بیرە ئاڵۆزەکانی ژیانی بەهێماکان شیکاردەکات و لێکیاندەداتەوە و دەتوانێت بیرەکان بەبەرامبەر بگەیەنێت ,لەمەوە هێماکان ڕێگایەکی سەرەکین بۆ گەیشتن بەوێنەکان ,دانانی هێما جیاوازەکان لەبەرامبەر یەك شتدا ,دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی ئاوەزیی و دونیابینی کەسەکان.

کەسەکان.

وێنەکاری(١): پەیوەندی و بەها دەرخستنە لەنێوان

پێکهاتە دروستەییەکان(فۆرم) و ئەو واتایانەی دەیگەیەنن (واتا)

وێنەی هۆشەکی (وێنەی ئاوەزی: ئەو وێنانەن کەلەمێشکی مرۆڤدان , بەهۆیانەوە فۆرمەکان دەردەبڕێت).



فۆرم (تۆپ) واتا(+خڕ ,+یاری ,+پێکهاتە )

لەگەڵ بیستنی فۆرمی وشەکەدا وێنە هۆشەکییەکەمان لەلا دروست دەبێت.

لەگەڵ بیستنی فۆرمی وشەکەدا وێنە هۆشەکییەکەمان لەلا دروست دەبێت.

وێنەکاری لێکۆڵینەوەیە لە

لەگەڵ بیستنی فۆرمی وشەکەدا وێنە هۆشەکییەکەمان لەلا دروست دەبێت.

وێنەکاری لێکۆڵینەوەیە لە

وشە واتا درککردنی زمانی

واتا (هەڵگری بیر)

وێنەکاری(گڵۆپ) لێکۆڵینەوەیە لە



وێنەکاری(گڵۆپ) لێکۆڵینەوەیە لە

وشە(گڵۆپ)        واتا(+ڕووناکی+شوشە)        لەکاتی بیستندا درك بەوێنەکەی دەکەین

واتا (هەڵگری بیری بڵاوکردنەوەی ڕووناکییە)

بیر : پێکهاتەی سەرەکی وێنەیە .

ئانالۆژیك: بریتییە لەوێنەکاری»ئاوەزی لەگەڵ لاسایکردنەوەی کاریگەرییەکان ,لەساتەوەختی نەخشاندنی دروستەی دوو چەمکدا»(٢) وێنەی ئانالۆژیکی بەپێی (گوێگر/خوێنەر) پەیوەست بەئەزموون و دەوروبەر و لایەنی دەروونی دەگۆڕێت.

دایك , نیشتیمان , موچە , مۆز        (+هێما ,+بیر ,+واتا , +وێنەی ئەبستراکت لەمێشکدا)

کیدا , زۆم , مانتش        (+هێما , -بیر , -واتا , -وێنەی ئەبستراکت لەمێشکدا)

وشەکان وێنەی (ئانالۆژیکین) ,چونکە لەدونیای ڕاستەقینەدا چەندین وێنەی جۆراوجۆری وشەکان هەن .

وشەی(برنج)    وێنەی ئانالۆژیکییە چونکە لەدونیای ڕاستەقینەدا چەندین وێنەی جۆراوجۆری برنج هەن(خڕ ,درێژ , بۆندار ,بێ بۆن ,سپی ,زەردباو).

وشەی(خۆشەویستی)    وێنەی ئانالۆژیکییە

چونکە لەدونیای ڕاستەقینەدا چەندین وێنەی جۆراوجۆری خۆشەویستی هەن( خۆشەویستی بۆ نیشتیمان ,خۆشەویستی بۆدایك ,خۆشەویستی بۆ مندال ,خۆشەویستی بۆکار ,خۆشەویستی بۆڕەگەزی بەرامبەر ,.....تاد) , وێنەی ئانالۆژیکی بەپێی (گوێگر/خوێنەر) پەیوەست بەئەزموون و دەوروبەر و لایەنی دەروونی دەگۆڕێت.

زاراوەکان (یەك وێنەن) ,چونکە دەربڕینیان لەئاوەزدا یەك وێنە دروستدەکات.

فاشیزم (سیستمێکی سیاسی داپڵۆسێنەرە ) تەنها یەك وێنە دروستبووە.


دەنگسازی (لێکۆڵینەوەیە لە دەنگاکان )

واتاسازی (لێکۆڵینەوە لەواتا)

لەمەوە دەتوانین بڵێین ,وێنەکاری پێویستییەکی گرنگە بۆ دەربڕین و درکپێکردنی چەمکەکان ,بەواتایەکی تر گەیاندنی مەبەست وئامانجەکان ,لەبەرامبەریشدا درکپێکردن و تێگەیشتن ,بۆیە زۆرجار دەربڕاوەکانی زمان بەچەمکی وێنەیی ناودەبەن ,چونکە ئەگەر درك بەوێنەکانیان نەکەین ,ناتوانین لەواتاکانیان تێبگەین ,باشتروایە بتوانین وێنە بۆ فۆڕمەکان دروستبکەین ,تەنانەت ئەو فۆڕمانەش کەخاوەنی چەمکێکی ئەبستراکتن ,بەڵام بەهۆی هەستەکان وئەزموونەکان وئایدۆلۆژیاو مامەڵەکردنەوە ,دەتوانین لە هزردا وێنەیان بۆدروستبکەین ودرکیانپێبکەین ,چونکە وێنەکان پەیوەندی نێوان چەمکەکان دیاریدەکەن ,بۆنموونە (ڕاستگۆی)لەدونیای دەرەوەدا وێنەیەکی دیاریکراوی نییە ,بەڵام لەهزری کەسەکاندا لەسەربنەمای مامەڵەکردن و دەرئەنجامەکەیەوە درك بەوێنەکەی دەکەین.

**٢/١- وێنەی هزری.**

مەبەست ئەو وێنانەن ,كەلەمێشكدان و نواندنیانە لەدونیای دەرەوەدا ,واتە خستنەڕووی بیری كەسەكانە بۆ دونیایەكی مادی لەدەرەوەی كەسەكان ,هەموو ئەو ئەزموونە هزرییانە دەگرێتەوە ,كە مرۆڤ بەهۆی هەستەكانی ومامەڵەكردن لەگەڵ دەوروبەردا بەدەستیهێناون ,مرۆڤ لەساتی پەیوەندیكردندا لەسەرنجەكان وردەبێتەوە ,ڕێكیان دەخات ,لەوێنەی هزریدا ناوەڕۆكی بابەت ورووداوەكان دەچەسپێنێت ,كەدواتر بەئاسانی توانای تێگەیشتن و دركردنمان دەبێت.




**وێنەی (١)(٣)**

ئاستەكانی بەرجەستەكردنی وێنەی هزری.(٤)

١- بوون لەدونیادا .

٢- ڕاستێتی شتەكان ,جێگیری نموونەیەك بۆ بوونی ڕاستییەكە لەهزردا.

٣- دروستكردن وبەرهەمهێنان بەهۆی دەنگ وشوێنەوە.

٤- دروستكردنی وێنەكان لەدەرەوەی زماندا ,كەتوانای دركردنیان هەبێت.

هۆكارەكانی فراوانكردنی وێنەی هزری.

وێنەی هزری بەهۆی چەند هۆكارێكی سەرەكی و گرنگەوە فراواندەبێت,

یەكەم: بیركردنەوە/ئایدۆلۆژیا

وشەودەربڕاوەكان خاوەنی واتا ومەبەستی دیاریكراون, زۆر لەوشەكان پەیوەست بە بیركردنەوەو ئایدۆلۆژیای كەسەكانەوە واتای جیاواز دەگەیەنن و وێنەی چەمكەكان بەپێی دركپێكردنەكان جیاوازدەبن، بۆ نموونە وشەیەكی وەك (دەریا)لەلای كەسێك ,كەبۆمەبەستی خۆشی و كات بەسەربردن چووبێتە لای دەریا ,واتایەكی جوانی هەیە وئایدۆلۆژیای ئەوكەسە بەشێوەیەكی ئەرێنی وەریدەگرێت ,بەڵام بۆ كەسێك كە كەسێكی لەدەریادا لەناوچووبێت ,واتایەكی خراپی هەیە و بەشێوەیەكی نەرێنی وەریدەگرێت.

**دووەم: ئەزموون(٥)**

مرۆڤەكان بەتێپەربوونی كات وئەزموونكردنیان لەگەڵ دەوروبەردا ,وێنەی هزرییان فراوانتردەبێت و دەتوانن لێهاتووانەترمامەڵە بكەن و سود لەئەزموونەكانیان وەربگرن ,لەهەمانكاتیشدا ئەوەدەزانین ,كە ئەزموون بنەمایەكی گرنگە بۆ دركپێكردن و لێكدانەوەی واتا.

نموونە: دایك: ڕۆڵە وانەكەت بخوێنە,كات بەفیڕۆمەدە .

منداڵ : تاقەتم نییە .

دایك : با وەك من و باوكت لێنەیەت, هەوڵبدە بە نان و كاری خۆت بگەیت. لەم نموونەیەدا, داتوانین درك بەمەبست و ئامانجی (دایك) بكەین, كە دەیەوێت هانی ڕۆڵەكەی بدات بۆ خوێندن, چونكە دایكەكە پێشتر ئەزموونی كردووەو لێی پەشیمانە , نایەوێت منداڵەكەشی دواتر تووشی ئەو پەشیمانییە ببێتەوە.

## سێیەم:تەمەن

هەروەك چۆن ئەزموون هۆكارێكە بۆ فراوانبوونی وێنەی هزری ودركپێكردن ولێكدانەوەی واتا ,تەمەنیش بەتێپەربوونی كات و سوودوەرگرتن لە كاتەكانی تەمەن ,دەبێتەهۆی ئەوەی زیاتر ئەزموون بكەین وبیركردنەوەو ئایدۆلۆژیامان فراوانبكەین ,منداڵ ناتوانێت واتا ئیدیۆمی و مێتافۆرییەكان لێكبداتەوە ,بەڵام لەگەڵ هەڵكشانی تەمەن ومامەڵەكردنی لەگەڵ دەوروبەردا ,دەتوانێت توانای دركپێكردنی هەبێت و واتاكانیان لێكبداتەوە

نموونە: قوڕی بەسەرخۆیدا كرد.

ئەم دەربڕاوە ئیدیۆمییە لەلای منداڵ بەواتای ئەوەدێت ,كە كەسێك قوڕی كردبێت بەسەرخۆیدا ,بەڵام كەسێك تەمەنی زیاتربێت ,توانای دركپێكردنی جیاوازە وتێدەگات ,مەبەست لەم دەربڕاوە ئەوەیە كە كەسێك كارێكی هەڵەی ئەنجامداوەو زیانی بەخۆی گەیاندووە.

## چوارەم: كلتور(٦)

كلتور مەبەست گشت كایە ڕۆشنبیری و ئەدەبی وهونەری وكۆمەڵایەتی وئاینی ومێژووییەكانە ,بنەمایەكی گرنگی فراوانكردنی وێنەی هزرییە ورۆڵێكی گرنگی لەدروستكردن وخستنەڕووی وێنەكاندا هەیە ,چونكە هەرمیللەتێك بەپێی كلتورو دونیابینی خۆی لێكدانەوە بۆ ڕووداوەكان و دەوروبەردەكات ,لەبەرئەوە بەپێویست دەزانرێت ,كە واتا لە ڕێگەی كلتوری نەتەوەییەوە لێكبدرێتەوە ,مرۆڤەكان تازیاتر ئاگاداری كلتوری نەتەوە جیاوازەكانبن ,وێنەی هزرییان فراوانتردەبێت وباشتر لەواتای دەربڕاوەكان تێدەگەن ,بۆنموونە دەربڕاوێكی وەك (ئەم هەویرە ئاو زۆر دەكێشێت) ,بەپێی دونیابینی میللەتی كورد درك بەوەدەكرێت ,كە مەبەست لە ئاو و هەویر نییە ,بەڵكو مەبەست لەدەربڕاوێكە واتای زۆربێت ,یاخود كارێك كە زۆربخایەنێت و كێشەی لەدواوەبێت ,كەسێك شارەزای كلتوری كورد و دونیابینی كورد نەبێت , واتاكەی بەهەویرێك لێكدەداتەوە كە ئاوی زۆری پێویست بێت ,وەك دەبینین لێكدانەوەو دركپێكردنەكان جیاوازن , چونكە كلتورەكان جیاوازن .

وێنەی هزری بەهۆی هەریەك لەوهۆكارانەی دەبنەهۆی فراوانبوونی ,دەگۆڕێت و پێچەوانەدەبێتەوە ,وێنەی هزری بۆهەریەك لەوشەكانی (ئەخلاق , داعش , مەیخواردنەوە ) بەپێی كەس وئەزموون وبیركردنەوە وئایدۆلۆژیاكان وێنەی جیاوازیان هەیە.

ئەخلاق (+ڕۆشنبیری)(+ڕەوشتی بەرزوجوان ,+ڕێزگرتن ,-دەستخستنە ناو ژیانی كەسانی دی,.....)

ئەخلاق(-ڕۆۆشنبیری)(+ناموس )

داعش(دۆستی داعش)(+ئیسلام ,+فیداكاری ,+ڕیش ,+پەچە ,+شەهیدبوون)

داعش(دژە داعش) (+ترسێنەر ,+كوشتن ,+خراپ مامەڵەكردن بەئافرەت ,+ڕێزنەگرتنی بیروباوەڕی جیاواز)

مەیخواردنەوە(+مەیخۆر)(+لەبیركردنی خەم ,+دوركەوتنەوە لەدونیا)

مەیخواردنەوە(-مەیخۆر)(+كەس خراپ ,+خوی خراپ ,+ماندوكردنی ڕۆح وجەستە ,+بێڕێزیكردن ,+بێزاركردنی دەوروبەر ).

كاتێك بۆیەكەمجارگوێبیستی وشەیەك دەبین ,واتە وشەیەك دەردەبڕدرێت ,كە وێنەیەكی هزری دیاریكراوی نییە ,لەفەرهەنگی ئاوەزیماندا نەچەسپاوە ,لەبەرئەوە لەكاتی دەربڕینی وشەكەدا لەلایگوێگر پرسیار دێتەئاراوە ,كە دەبێت مەبەست لەو وشەیە چی بێت ,لەبەرامبەردا داوا لەقسەكەر دەكات ,زانیاری زیاتری پێبدات دەربارەی وشەكە ,واتە بوونی زانیاری هۆكاروپێویستییەكی گرنگەبۆدرككردن بەوێنەهزرییەكان ,تا زانیارییەكان زۆرتربن ,واتاكان ڕونتردەبن ودرككردن وتێگەیشتن باشتردێتەئاراوە.

ب-خوێندکار: تەزران چییە ؟

| | | | |
|---|---|---|---|
| أ- کەسێکە | أ- میوەیە | أ- ئاژەڵ | أ- باڵندەیە |
| ب- کێیە؟ | ب- شێوەی چۆنە؟ | ب- چۆنە؟ | ب- چۆنە؟ |
| أ- زانایە | أ- خڕە | أ- گەورەیە | أ- کلك ودەنوك درێژە |
| ب- لەچ بوارێك؟ | ب- تامی چۆنە؟ | ب- چ جۆرێکە؟ | ب- چ ڕەنگێکە؟ |
| أ- فیزیا | أ- مزرە | أ- گۆشتخۆرە | أ- سپییە |
| ب- خەڵکی کوێیە؟ | ب- ڕەنگی چۆنە؟ | ب- ئاوییە؟ | ب- دەنگی چۆنە؟ |
| أ- هندستان | أ- سەوز | أ- بەڵێ | أ- زۆرخۆشە |

........................................تاد

وەك لەنموونەکەدا دەردەکەوێت ,گوێگر تائەوکاتەی وشەکە دەناسێت و وێنەکەی لەلا دروست دەبێت پرسیارەکات ,بۆهەربوارێك پرسیاری جیاوازدەکات , بەوئامانجەی وێنەهزرییەکەی لەلا بچەسپێت.

١/٣- فەرهەنگی ئاوەزیی.

وشەنامە و گەنجی وشەکانی ناو مێشکی مرۆڤە ,کە هەرلەدایکبوونەوە تامردن زانیارییەکان تێیدا ڕێکخراون ,فەرهەنگی ئاوەزیی لێکۆڵینەوەیە لەچەند بوارێك ,ئەوانیش:٧

١- ناسینەوەی وشەکان.

٢- ڕێکخستنی سیمانتیکییانەو مۆرفۆلۆژییانەی وشەکانی ناو مێشك.

٣-هەڵبژاردن و گونجاندنی زانیارییەکان لەکاتی بەکارهێناندا.

فەرهەنگی ئاوەزیی پردی پەیوەندی نێوان(پێکگەیشتنی زمان و کۆزانیارییە ,کە بەهۆی زمانەوە دەردەبڕدرێت و دەنوێنرێت)(٨) ,واتە توانستی درکپێکردنەکانی مرۆڤە بۆ بەکارهێنانی زانیارییە پێشینەییەکانی ,کە لەئاوەزدا هەڵگیراون.

١/٤- مۆدێلی ئاوەزیی.

دەرخستنی زانیارییەکانە لەبیردا ,(چالاکی و توانای داهێنەرانەیە بۆ پێکهێنانی وێنەی هزری)(٩) ,لێکدانەوەو درکپێکردنی مرۆڤە بۆ گشت ئەو ڕوداو ودیاردەو شتانەی لەجیهاندا هەن ,بەمەبەستی دیاریکردنی پەیوەندی نێوانیان لەئاوەزدا ,مۆدێلی ئاوەزیی پشت بەست بە ئەزموون وتاقیکردنەوەکان جیهان وێنادەکات, نموونە: سەدام حوسێن لە هزری هەموو تاکێکی کوردستاندا, خاوەنی وەێنەیەکی دڕندانەیە, چونکە چەندین ڕەفتاری نامرۆڤانەی وەك (ئەنفالکردن, کیمیابارانکردن, سوتاندنی گوندەکان)ی بەرامبەر میللەتی کورد ئەنجامداوە, تاکی کورد لەگەڵ بیستنی ناوی سەدام و حیزبەکەی(بەعس), بەهۆی ئەزموون وتاقیکردنەوەکانییەوە دەتوانێت لێکدانەوە ودرکپێکردنەکانی لە وێنەی جیاوازدا بخاتەڕوو.

١/٥- زانیاری.

بەدەستهێنانی گشت کارامەی و ڕاستی و زانیاریانە دەگرێتەوە ,کە لەڕێگەی فێربوون و ئەزموونەکانەوە بەدەستهاتوون ,هەروەك تێگەیشتن لەپوختەی زانستەکان ,دەستکەوتی زانیارییەکانیش لەگەڵ بیرکردنەوەکان پەیدادەبن ,کە لەگەڵ قۆناخە جیاوازەکانی گەشەی مرۆڤدا دەگۆڕێن ,بەواتایەکی تر ئەو زانیاریانەن کە لەبەکارهێنانی زمانەوە دروستبوون و مرۆڤ بەهۆیانەوە توانای پەیپێبردن و درکپێکردنی جیهانی دەوروبەری هەیە.

جۆرەکانی زانیاری(١٠).

١- زانیاری کەسی:زانینی زانیاری و ڕاستییەکانە دەربارەی ئەزموونی کەسی.

٢- زانیاری یاسا و ڕێسا:ئەوەیە کەفێرببیت ,تابتوانیت کرداری جیاواز ئەنجامبدەیت.

٣- زانیاری پێشنیارکراو:ڕاستی ئەوزانیارییانەن ,کە لەدەوری جیهاندا دەخولێنەوە.

٤- زانیاری پێکهاتەو بونیادنراو: دەزگای چەمك وزاراوەکانە لەقووڵایی مێشکدا.

٥- زانیاری تێگەیشتن:ڕێگایەکەبۆچوارچێوەی مۆدێلی ئاوەزی و بیرودروستکردنی زانیارییەکان لەمێشکدا.

**٦/١ - وێنەی هزری ودرکپێکردن.**

وێنەی هزری بنەڕەتی پەیوەندییە لەنێوان بیری مرۆڤ وجیهانی دەوروبەردا ,گشت وێنە ئاوەزییەکان دەگرێتەوە ,شێوازی بەرجەستەکردن وکۆزانیاری یارمەتیدەری سەرەکین ,تابتوانین درکیان پێبکەین وتێگەیشتن لەزماندا دروست ببێت ,مرۆڤ پرۆسەکانی هەڵبژاردن و وەرگرتن ولێکدانەوە لەڕێگەی درکپێکردنی خۆیەوە ئەنجامدەدات ,ئەم پرۆسانەش بەهۆی هەستەکان و باری کۆمەڵایەتی وئاستی ڕۆشنبیری و ئەزموون وتێگەیشتن بۆ دونیای دەرەوە جێبەجێدەبێت ,سایکۆلۆژیای درکپێکردنیش ئەوەیە ,کە مرۆڤ لەڕێگەی هەستەکانییەوە کۆمەڵێك واتا وزانیاری دەگاتە مێشکی و لێکیاندەداتەوە ,لە ئەنجامدا بەچەمککردن دێتەئاراوە ,(پرۆسەی درکپێکردن لەئاوەزدا ڕوودەدات ,کە بریتییە لەچۆنیەتی بونیادنان وپەیوەندیکردنی واتای زمانیی و بەکارهێنانەکانی زمان)(١١) ,کەواتە درکپێکردنەکان لەمێشکدا چالاك دەکرێن و هەڵدەسەنگێندرێن ,زانستی درکپێکردن «وێنەکاری و وێنەی ئاوەزی لەگەڵ یەك پەیکاڵ دەکات ,چونکە هەردووکیان وێنەن و بەرەو بینینی نوێمان دەبەن (١٢) ,درککردن پەیوەستەبە:

١- توانای هزری لەبوونی چەمك وفۆرمەکاندا.

٢- بەدوایەکداهاتنی کەرەستەکان و ڕێکخستنیان (١٣).

٣- زانیاری و سوودوەرگرتن لەئەزموون.

لەمەوە دەتوانین هەنگاوەکانی درکپێکردن بخەینەڕوو:

چەمك وفۆرم لەهزردا ← ١ پێکەوەهاتنی فۆرمەکان ودیاریکردنی چەمك

٢ ↘

سوود وەرگرتن لەئەزموون بەهۆی زانیاری پێشینەوە ← ٣ درکپێکردن

تەوەری دووەم :درکپێکردنی وێنەی هزری لەوێنەی شیعریدا.

**١- ناوەکی بوون ودەرەکی بوونی وێنە.**

أ- وێنەی ناوەکی.

مەبەست لەوێنەی ناوەکی وێنەی هزری یان وێنەی ناو ئاوەزە ,گشت ئەو وێنانەن کە مرۆڤ بەهۆی هەستەکانەوە بەدەستیان دەهێنێت ,لەڕێگەی مامەڵەکردن و ئەزموونکردن لەگەڵ دەوروبەردا پێی دەگات ,ئەو چەمکە بەدەستهاتووانەن کە دەتوانین درکیان پێبکەین ,ئەو وێنانەن کە لەفەرهەنگی ئاوەزیدان ,خاوەنی زانیاری ودروستەی چەمکین .

ب- وێنەی دەرەکی.

وێنەی دەرەوەی ئاوەزە ,هەموو ئەو وێنانە دەگرێتەوە کە لەدونیای دەرەوەدا دەیانبینین وهەستیان پێدەکەین ,وەك هەستەکانی بینین و بیستن وچەشتن وبۆنکردن وبەرکەوتن ,زۆرجار وێنە دەرەکییەکان بنەمان بۆدروستبوونی وێنەی ناوەوەی ئاوەز ,چونکە زۆر لە وێنە ناوەکییەکان تالەدونیای دەرەوەدا نەیانبینین و مامەڵەیان لەگەڵدانەکەین وێنەکانیان لەهزرماندا دروست نابێت وناچەسپێت ,بۆنموونە کاتێك بۆیەکەمجار وشەیەك دەبیستین ,وێنەکەی لەهزرماندا بوونی نییە ,دواتر بەهۆی وەرگرتنی زانیاری وئەزموونکردن لەگەڵیدا وێنەکەمان لەلادەچەسپ ێت .




**وێنەی (٢)**

**٢ - وێنەی شیعری.**

وێنەی شیعری یەكێكە لەبنەما هونەرییەكانی داهێنانی شیعر(١٤) ,بەهۆی وێنەی شیعرییەوە دەتوانرێت زمانی شیعری چڕبكرێتەوە وبنیات وبابەتەكان بەرجەستەبكرێن وسیمایەكی داهێنەرانە بەشیعرەكان بدرێن ,شاعیری لێهاتوو دەبێت خاوەنی توانای هزری وبیركردنەوەی هزری بەهێزبێت ,تابتوانێت لەرێگەیانەوە وێنە هزرییەكان لەوێنەی شیعریدا بگەیەنێت وتێگەیشتن ودركردنمان بۆی هەبێت ,واتە بەهۆیانەوە وێنەی شیعری بەرزو بەبەها بنیات بنێت ,شاعیر هەوڵدەدات لەرێگەی پێكەوەهاتنی وشەكانەوە ,وێنەی هزری بەهۆی وێنەی شیعری پرواتاوە بگەیەنێت, وێنەی شیعری «كەرەستەیەكی سیحرئامێزی دۆزینەوەیە ,كە رۆدەچێتە ناخی شاعیرو كونج وكەلەبەرەكانی ویژدانی ئاشكرا دەكات»(١٥) ,شاعیر بۆئەوەی ناخ و ویژدان وئەندێشەكانی دەربرێت پێویستی وشەوكەرەستەكان هەیە , كە لەشێوەی وێنەی شیعریدا ئاشكرایان دەكات.

-ئەزانی بۆ دنیای شیعرم هەر پایزە وهەر گریانە

من تەنها پایز شك ئەبەم, پایز بۆ من نیشتیمانە

| پایز | نیشتیمان | پایز نیشتیمانمە |
|---|---|---|
| +زەردبوون | +بەختەوەری | + غەریبی |
| +وشكبوون | +كەسوكار | +تەنیای |
| +هەڵوەرین | +دڵنیای | +خەم |
| +كۆتایهاتن | + ئومێد | +لەناوچوون |

كاتێك پارچە شیعرێك دەخوێنینەوە/دەبیستین ,هەوڵدەدەین لەواتاكەی تێبگەین , ئەم پارچە شیعرەش خاوەنی واتا و مەبەستی گرنگە ,شاعیر دەیەوێت ئەو پەیامە بگەیەنێت ,كە ژیانی خەم و خەفەت و گریانە ,ژیانی غەریبی زۆر گرانە, وەك پایز زەردبووە و ئومێدی براوە.


- خۆم غوربەتم لێم مەپرسە چییە غوربەت

ژیانی من ئاوارەیی تەنیای و لێكدابرانە

| خۆم | غوربەت | خۆم غوربەتم |
|---|---|---|
| +جێناوی خۆیەتی | +غەریبی | +كەس غەریب |
| +مرۆڤ | +دابران | +كەس تەنیا |
| +شاعیر | +ناخۆشی | +كەس غەمبار/-بەختەوەری/-دڵنیای/-پێكەوەبوون/ |

لە خوێندنەوەی ئەم دێرەشیعرەدا ,دەتوانین درك بەوەبكەین ,كە شاعیر لەغوربەتدا دەژی ,لە نیوەدێری دووەمدا باس لەژیانی خۆی دەكات

,کە ئاوارە وتەنیایە ,لەخزم وکەسوکاروهاوڕێ ودۆستانی دابڕاوە ,هەروەها ئەو پەیامەشمان پێدەگەیەنێت ,کە ژیانی غەریبی ئەستەمە و بەختەوەریت لێدەستێنێت ,شاعیر هەستی بەئازارو نارەحەتییەکان کردووە ,واتە وێنەیەکی دەرەکی کاری لەئاوەزی شاعیر کردووە ,بەهۆی توانای هزرییەوە وێنە هزرییەکەی لەوێنەی شیعریدا دەربڕیوە.




**وێنەی(٣)**




٣- جیاوازی نێوان وێنەی هزری ووێنەی شیعری(١٦).

وێنەی هزری ,واتای سیمانتیکی وشەکانە ,کە لەمۆدێلی ئاوەزیدان.

وێنەی هزری = و.سیمانتیکی

وێنەی هزری (سێو)= واتای سیمانتیکی (سێو)

(+خواردن ,+میوە ,+تام ,+بۆن ,+ڕەنگ)

بەڵام وێنەی شیعری ,واتای پراگماتیکی وشەکانە ,پەیوەستە بەکات و بۆنەی دەربڕینەکەوە ,واتە مەبەستی شاعیر.



وێنەی شیعری = و.پراگماتیکی

وێنەی شیعری (سێو)=واتای پراگماتیکی

(+بۆن ,+کوشتن ) ,کاتێك شاعیر شیعر بۆ کیمیاباران بڵێت.

٢- وێنەی هزری ,وێنەی ناوەوەی ئاوەزە ,واتە لەمێشکدان وبەدەربڕینیان وێنە وڕووداوەکان دەکەن بەوێنەیەکی دەرەکی ,لەکاتێکدا وێنەی شیعری ,وێنەیەکی دەرەکییە کاتێك لە ئەنجامی هەستەوەرەکانەوە دروستدەبێت ,دەکرێت وێنەیەکی ناوەکیش بێت ,لەکاتێکدا شاعیر لەزادەی بیروخەیاڵەوە شیعرێك بەرهەمدەهێنێت ,بەڵام کاتێك شاعیربەهۆی یەکێك لەهەستەوەرەکانییەوە هەست بەبابەت و ڕووداو ودیاردەکان دەکات ,وێنەیەکی ناوەکی لەلادروستدەبێت, وێنە شیعرییەکەی وێنەیەکی دەرەکییە ,چونکە لەدەرەوەی ئاوەزی بیرەکەی پێگەیشتووە.

٣- لەوێنەی هزریدا ,زمان زمانی دەربڕینە ,لە وێنەی هزریدا واتای فۆرمەکانی زمان دەگەیەنرێت ,لە وێنەی شیعریدا زمان زمانی گوزارشتکردنە ,بەواتایەکی تر لە وێنەی شیعریدا زمان زمانی شیعرییە ,بۆ گوزارشتکردن وگەیاندنی واتای شیعری.

٤- وێنەی هزری بەهۆی هێمازمانییەکان ونازمانییەکان و زمانی جەستەوە دەگەیەنرێت ,بەڵام وێنەی شیعری تەنها لەڕێگای هێمازمانییەکانەوە دەگەیەنرێت.

٥- وێنەی هزری موڵکی میللەت وخەڵکییە بەگشتی ,لەبەرئەوەیە کە وێنەی هزری بەهۆی ئەزموون وکلتورو تەمەن و بیرکردنەوەوئایدۆلۆژیای میللەتەوە فراواندەبێت وگۆڕانی بەسەرردادێت ,لەکاتێکدا وێنەی شیعری موڵکی تایبەتی شاعیرخۆیەتی وخۆی دروستکەرێتی ,لەبەرئەوە وێنەی شیعری بەهۆی ئەزموون و تەمەن وکلتوروئایدۆلۆژیا و بیرکردنەوەی شاعیرەوە دەگۆڕێت ,چونکە توانا وبەهرە وکارامەیی ورۆشنبیری شاعیر دەکەوێتە سەرئەزموونی(١٧) شاعیرلەبەکارهێنانی وشەکاندا ,لەبەرئەوەیە وێنەی شیعری لەشاعیرێکەوە بۆشاعیرێکی ترجیاوازە.

- درکپێکردنی وێنەی هزری لە وێنەی شیعریدا , بە نموونەی شیعری ( عەبدوڵا پەشێو).

بەمەبەستی هەوڵدان بۆ درککردن بەوێنەی هزری لە ڕێگەی وێنە شیعرییەکانەوە ,پێویستە ئەوە لەبەرچاوبگرین ,کە هەریەك لەو وێنە شیعرییانە لەئەنجامی ١- بیرکردنەوەو ٢- زادەی خەیاڵی شاعیرەوە دروستدەبن ,کە سەرچاوەکەیان لەئەنجامی( بینین , بیستن , بۆنکردن , چەشتن , بەرکەوتن)ەوەیە ,شاعیر بەهۆی یەکێك لەو سەرچاوانەوە واتا وبیرێکی لەلا دروستدەبێت و هەوڵدەدات بەڕادەی ئەزموون ولێهاتووی توانای هزرییەوە واتا وبیرەکان دەربڕێت ولە وێنەیەکی شیعریدا بیخاتەڕوو ,لە بەرامبەریشدا گوێگر/خوێنەر وێنە شیعرییەکە وەردەگرێت وهەوڵدەدات لێکدانەوەی بۆ بکات بەپێی کات وشوێن وکەسەکان ,بەو ئامانجەی بتوانێت درك بە وێنە هزرییەکەی شاعیر بکات ,لەبنەڕەتدا لەبەرهەمهێنانی وێنەی شیعریدا واتا و بیرۆکەکان وەك تێکردەیەکن ودەربڕینەکانیش وەك دەرکردەیەکن لەلای شاعیر ,واتە لەبەرهەمهێنانی وێنەی شیعریدا ئاڕاستەی کردەکە سیمانتیکی بۆ سینتاکسییە ,کە لەلایەن شاعیرەوە بەرهەمدەهێنرێن ,بەڵام لەکردەی تێگەیشتن و درکپێکردندا ,دەربڕاوەکان وەك تێکردەیەکن و واتا وەك دەرکردەیەك لەلایەن گوێگر/خوێنەرەوە لەخۆدەگرێت ,واتە لە درکپێکردنی وێنەی هزریدا ئاڕاستەی کردەکە سینتاکس بۆ سیمانتیکە(١٨).

(لە دایك بوون )

گوێم لە هاواری نەتەوەکەمە

بەڵام دڵنیام

جیهانی سبەی گوشاد و ڕوونە

لەدایکبوونی منداڵم دیوە

قیژە ولینگ کوتان

یەکەم نیشانەی لەدایکبوونە(١٩).

وێنەی شیعری(هاواری نەتەوە)(جیهان گوشادوڕوون)(قیژەولینگ کوتان)(لەدایکبوون)

وێنەی هزری(میللەت/ژن وپیاوی ستەمدیدە)(چەوساندنەوە و زۆرداری)(ئارامگرتن)(ڕاپەڕین وکۆڵنەدان وبەگژداچوونەوە)(ئازادی وسەربەستی).

بەهۆی ئەو وێنە شیعرییانەوە کە شاعیر دروستیکردون ,دەتوانین درك بەو وێنە هزرییەی شاعیربکەین وبزانین ,کە شاعیر لەچی بارێکی ئازاری دەرونیدایە و هەست بەگشت ئازار وچەوساندنەوەکانی نەتەوەکەی دەکات ,کە بەهۆی داگیرکەرانەوە توشیانهاتووە ,بووەتە هۆی ئەوەی میللەت یەکبگرن ودژی گشت زوڵم وچەوساندنەوەیەك ڕاپەڕن وکۆڵنەدەن ,هەرچەندە توشی ئازارونەهامەتیش ببنەوە ,چونکە منداڵیش سەرەتا کە دێتە دونیاوە بەقیژە و گریان ولینگ کووتان دەست بەژیانە نوێیەکەی دەکات ,شاعیرگەیشتن بە ئازادی وسەربەخۆیی بەهاتنە دونیای منداڵ وێناکردووە ,ئەفراندنی وێنەکەی لە ئاستێکی بەرزی داهێنانی شیعریدایە.

بە هەنسکی گریانەوە

کەعبەی نێوان هەردوو چاوت ماچ دەکەم و

بە ئاستەم دەسرتێنمە گوێت

جگەرگۆشەکەم!(٢٠)

وێنەی شیعری(هەنسکی گریان)(کەعبەی نێوان چاو)(سپاندن بەگوێی جگەرگۆشەکەیدا)

وێنەێ هزری(ئازار چەشتن)(دەربڕینی خۆشەویستی بۆجگەرگۆشەکەی)(وتنی نهێنییەك).

کاتێك ئەم پارچە شیعرە دەخوێنینەوە ,ڕاستەوخۆ هەست بەئازارو مەینەتی ودڵپڕییەکانی شاعیر دەکەین ,کە دەیەوێت لەو هەموو ئازارو ناخۆشییەدا خۆشەویستی خۆی بۆ جگەرگۆشەکەی دەربڕێت ,ناوچەوانی بە کەعبە چواندووە ,دەیەوێت نهێنییەك بچرپێنێت بەگوێیدا .

(خۆ ڕاپسکاندن )

شەپۆلم دیوە.....

خۆی لەکەنار وا ڕاپسکاندووە

وتومە ئیتر ناگەڕێتەوە!

دێ... جار لەدوای جار

بەگوڕتر ,بەغار

ئای خوایە گیان!

چەند لەیەك دەچین

من لە شەپۆل و ژنیش لە کەنار(٢١)

وێنەی شیعری(ڕاپسکانی شەپۆل لە کەنار)(گەڕانەوەی شەپۆل)(شاعیر=شەپۆل)(ژن=کەنار)

وێنەی هزری(ڕاکردنی شاعیر لە ژن)(گەڕانەوەی شاعیر بۆلای ژن)

بەخوێندنەوە/بیستنی ,تواناو ئەزموون و لێهاتوی شاعیرمان بۆدەردەکەوێت ,کە چەند لێهاتوانە باسی خۆشەویستی خۆی بەرامبەر بە ژن دەکات ,بەشێوازێك خۆی بەشەپۆلی دەریا و ژنیشی بە کەنار دەریا چواندووە ,بەهۆی ئەزموون و لێهاتوییەوە ,لەڕێگەی لێکۆڵینەوەو شیکردنەوەوە درکێکردنمانەوە بەو مەبەستەی شاعیردەگەین ,کە هەرچەند ویستبێتی و هەوڵیدابێت لەژن دووربکەوێتەوە ,بەجۆرێك هەرگیز جارێکی تر نەگەڕێتەوە ,بەڵام هەستیکردووە لەجارەکانی پێشتربەگوڕتر وبەڕاکردن بەرەو لای هەنگاوی ناوە.

(تۆپانێ)

کوردستان بەگۆڕەپان دێتە بەرچاو

سەربەخۆیش بە تۆپێکی باش فوودراو

لەوەتەی هەین

ڕاکە ڕاکە قەدەرمانە

چارەنوسە قەت نەسرەوین

ئێمەش بەلەرزەوە دووی کەوین! (٢٢)

وێنەی شیعری(کوردستان=گۆڕەپان)(سەربەخۆیی= تۆپ )

وێنەی هزری (خۆشەویستی نیشتیمان)(هەوڵدان بۆ سەربەخۆیی)

شاعیر لێرەدا باسی نیشتیمان دەکات ,کە کوردستانە ,بەگۆڕەپان دەیخاتە پێش چاو ,سەربەخۆیش کە میللەتی کورد هەمیشە هەوڵی بۆداوە ,وەك تۆپێك پێناسەی دەکات ,کە باش فووی تێکراوەو ئامادەیە بۆیارییێکردن ,بێگومان ئەم وێنە شیعرییەی کەشاعیر دروستیکردووە ,زمانی ئەندێشەو هەستی دەروونی شاعیرە ,وێنەیەکی زۆر جوان و پڕواتایە ,شاعیر لێهاتووانە ئەوەی لەهزریدایە ,بەهۆی هێنانی کەرەستەکان ورێککخستنیانەوە ,کە رادەی توانای هزری شاعیر وبیرکردنەوەی دەردەخەن, وێنەیەکی شیعری بەرزی بونیادناوە ,گوێگر/خوێنەر بەهۆی ئەزموون و زانیاری پێشینەو بوونی کەرەستەکان لەفەرهەنگی ئاوەزییدا ,دەتوانێت درك بەو وێنە هزرییە بکات ,کە لەئاوەزی شاعیردایە.

( کڵافەی ئاڵۆسکاو)

کڵافەیەکی ئاڵۆزم

«ئەشکەوتێکی ئەفسانەییم»

فەنەرێکم

چرکەیەك بۆت دادەگیرسێم

شەو ورۆژێك دەکوژێمەوە

چرم وەك جەنگەڵی نیشتیمانی تۆ و

پرم وەك جەنگەڵی نیشتیمانی تۆ

بۆ خشپەی پێش هەرپرسیارێك ناكرێمەوە(٢٣)

وێنەی شیعری(كڵافەی ئاڵسكاو)(ئەشكەوتی ئەفسانەیی)(داگیرساندن وكوژاندنەوە)(چرِ وپرِ وەك جەنگەڵی نیشتیمان)(نەكرانەوە).

وێنەی هزری(ئاڵۆزی ژیان)(خەیاڵی تاریك)(بەئاگای و بێ ئاگایی لەژیان)(زۆریی كێشەكان)(لەناوچوون ونەتوانین.

شاعیر باسی كێشەوئاڵۆزییەكانی ژیان دەكات ,كە وەك كڵافەیەكی ئاڵۆسكاون و چارەسەریان ئەستەمە ,خەیاڵەكانی وەك شەو تاریكن ,دەڵێت ئەگەر بێت و چركەیەك بەئاگابێت لەژیان ,ئەوا شەو وژۆژێك بێ ئاگا دەبێت ,واتە لەشەووڕۆژێكدا یەك چركە بەئاگایە لە دونیا ,لە وێنەیەكی تردا ,ئەوە دەخاتە ڕووكە كێشە وئاڵۆزییەكانی وەك جەنگەڵی نیشتیمان چروپرن, وەها لەنێو خەمدا نقووم بووە ,كە هیچ ئومێدێكی بۆ ڕزگاربوون نەماوە ,ناخۆشییەكانی بەئەندازەی ناخۆشییەكانی ناو جەنگەڵستانە ,شاعیر زۆر لێهاتووانە ئەوەی لەهزریدایە ,بەهۆی پێكەوەهاتنی كەرەستەكانەوە توانیویەتی وێنەیەكی بەرز لە ئاستی باڵادا بونیاد بنێت , وەك دەبینین توانای هزری ولێهاتوی و بیركردنەوە و ئەزموونی شاعیر لەدروستكردنی وێنەكاندا لەپلەیەكی بەرزدایە ,گوێگر/خوێنەر بەهۆی ئەزموون و زانیاری پێشینەو بوونی كەرەستەكان لەفەرهەنگی ئاوەزییدا ,دەتوانێت درك بەو وێنە هزرییە بكات ,كە لەئاوەزی شاعیردایە .

(لە دەستم دێ

لە دەستم دێ

كاتژمێری كامەرانیت بووەستێنم

لە دەستم دێ

ئەڵقەی پەنجەت پێ فرێدەم

نامەی بەختت بسوتێنم

لە دەستم دێ

هەموو شتێك ئاشكراكەم

كام شەوەت گەش وڕووناكە

ئەو شەوە فوو لە چراكەم.......

بەڵام چی بكەم

خۆشەویستیت

ڕووبارێكە

قینی ڕەشم دەشواتەوە. (٢٤)

وێنەی شیعری(وەستاندنی كاتژمێری كامەرانی)(فڕێدانی ئەڵقەی پەنجە)(سوتاندنی نامەی بەخت)(لەشەوی گەش وڕووناك فوكردن لە چرا)(خۆشەویستی=ڕووبار)(شۆردنەوەی قینی ڕەش)

وێنەی هزری(كۆتایی پێهێنانی خۆشییەكان)(دەركردنی خۆشەویستەكەی لەژیانی هاوسەرگیری)(هێنانی خەم وئازار بۆی)(كام شەوەی زۆر خۆشە لێی بكات بەدۆزەخ و لێی تاریك بكات)(خۆشەویستییەكی لەڕادەبەدەر )(لەبیركردنی تۆڵە لێكردنەوە)

لەساتی خوێندنەوە/بیستنی ئەم پارچەشیعرەدا ,هەست دەكەین ,كەشیعرێكە پڕە لەهەستی تورەیی ,لەكاتێكدا شاعیر بووەتە تۆرێك لەدەماری تورەیی ئەم شیعرەی بەرهەمهێناوە ,شیعرێكە پڕ لەواتا ,ئەزموون و لێهاتویی شاعیرمان نیشاندەدات كە لەچی ئاستێكدایە ,شاعیر لەسەرەتادا چەند وێنەیەكی هەڕەشەئامێز بەخۆشەویستەكەی دەگەیەنێت ,بەوەی هەموو خۆشییەكانی لێتێكدەدات و ژیانی لێدەكات بەدۆزەخ ,كۆتایی بەژیانی هاوسەرگیرییەكەی دەهێنێت وتوشی ئازار و خەم وناخۆشیی دەكات ,بەڵام لەكۆتاییدا هەستی تورەییەكەی دادەمركێتەوە ,هەموو رق و كینەیەكی دەشواتەوە ,بۆیە لە كۆتاییدا پێی دەڵێت ,خۆشەویستییەكەی هێندە زاڵە بەسەریدا ,كە ناتوانێت هیچ یەكێك لەو هەڕەشانە

ئەنجام بدات ,بەڵکو خۆشەویستییەکەی هەموو ڕقێکی بیردەباتەوە .

(لە بەردەرگە

شەو ڕاشکا

ئەژنۆم شل بوو

مانگ بەتاقی ئاسمانەوە هەڵپرووکا

دەرگەکەتم لێ بکەوە

وێنەی شیعری(شەو ڕاشکا)(ئەژنۆ شل بوو)(ئاسمان هەڵپرۆکا).

وێنەی هزری(شەو کۆتایی دێت وبەرەو ڕۆژبوونەوە دەروات)(ماندوبوون و نەمانی وزە و خۆڕاگری)(شاعیر وەك مانگ نەنیایە ولەپشت دەرگاوە هەڵپرووکاوە )(شاعیر=مانگ).

شاعیر لەچەند دێڕێکی کەمدا ,چەند وێنەیەکی بەرز وچەند واتایەکی جوانی بەخشیوە ,خوێنەر دەتوانێت درك بەمەبەست ووێنەی هزری شاعیر بکات ,کە دەیەوێت خۆشەویستەکەی ئاگادار بکاتەوە ,لەوەی لەپشت دەرگاوە بەتەنیایە ولەوەدایە وەك مانگ هەڵپرۆکێت ,ئەژنۆکانی زۆر ماندوون و توانای ئەوەیان نەماوە بووەستن وەهیچ هێز ووزەیەکی نەماوە ,لەوانەیە ناچاربێت بڕوات وجێیبهێڵێت ,جگەلەوەش لەکۆتایی هاتنی شەو نزیکبووەتەوەو ئیدی خەڵك دێنەدەر و دەیبینن بۆیە ناچارە بڕوات.

## پەراوێزەکان:

(١)بڕوانە (ئاڤێستا کمال محمود :٢٠١٣) ,(لوقمان ڕەئوف :٢٠٠٩).

(٢) ئاڤێستا کەمال مەحمود, ٢٠١٣: ٤.

٣) (com.https://mawdoo٣

(٤) ئاڤێستا کەمال مەحمو د ( ٢٠١٣: ٦).

(٥) بڕوانە: ئاڤێستا کەمال مەحمو د ( ٢٠١٣) ,( جۆن لاینز,و:هادی محمد :٢٠٠٣)

(٦) بڕوانە (هۆگر محمود :٢٠٠٠ ) ,( جۆن لاینز,و:هادی محمد :٢٠٠٣).

(٧) محەمەدی مەحوی ( ٢٠٠٦: ١٢).

(٨) شیلان عومەر ( ٢٠١٧: ٣٦٣) .

(٩)p٣٣٣ , ١٩٩٠,Morris G. Watkins, Lois I. Watkins , THE ALL NATIONS ENGLISH DICTIONARY

١٠) ما-هی-معرفة (/com.https/mawdoo٣

(١١) کاروان عمر قادر ( ٢٠١٢: ٨٦) .

(١٢) ئاڤێستا کەمال مەحمود( ٢٠١٣:٨)

(١٣) بڕوانە: ئاڤێستا کەمال مەحمود ( ٢٠٠٩: ٢٧-٤٢).

(١٤) بنەماکانی داهێنانی شیعر(وێنەی شیعری ,زمانی شیعری ,هونەری ڕەوانبێژی ,کێش وقافیە) ,بڕوانە :دڵشاد عەلی (٢٠٠٧:١٤٥-٢٢١).

(١٥) عادل بشیر الصاری, ماهیة الصورة الشعریة, ٢٠١٢.

(١٦) بڕوانە ( سمیر أحمد معلوف :٢٠١٠) ,(حمیدة عوایجیة :٢٠٠٧-٢٠٠٨)

(١٧) مەبەست لەئەزموون,ئەزموونی(ئەدەبی ,مێژووی ,کۆمەڵایەتی ,ئەندێشەیی)شاعیرە ,بڕوانە:ظاهر لطیف کریم ( ٢٠٠٢: ٤٠) .

(١٨) بۆ زانیاری لەبارەی کردەی بەرهەمهێنان وئاخاوتن بڕوانە: شیلان عمر ( ٢٠١٢ : ١٣٣-١٤٤)

(١٩) دیوانی عەبدوڵا پەشێو ,هەسپم هەورەورکێفم چیا , ١٢٤.

(٢٠) عەبدوڵا پەشێو ,پشت لەنەواو روو لە كرێوە, ٢٩٩

(٢١) دیوانی عەبدوڵا پەشێو ,هەسپم هەورەورکێفم چیا:٣٦٩.

(٢٢) سەرچاوەی پێشوو: ٣٦

(٢٣) دیوانی عەبدوڵا پەشێو ,هەسپم هەورەورکێفم چیا ٣٤١:,

(٢٤) عەبدوڵا پەشێو ,پشت لەنەواو روو لە کرێوە: ٣٧٨.

**ئەنجام :**

١- وێنە هزرییەکان ,واتای سیمانتیکی وشەکانن ولەفەرهەنگی ئاوەزیدان ,گشت کۆمەڵ خاوەنیانە ,کەبەهۆی هێما زمانی وهێما نازمانییەکانەوە دەنوێنرێن .

٢- بوونی زانیاری هۆکار وپێویستییەکی گرنگە بۆ درككردن بەوێنە هزرییەكان ,تا زانیارییەکان زۆرتربن ,واتاکان ڕوونتردەبن و تێگەیشتن ودرككردن باشتردێتەئاراوە.

٣- شاعیری سەرکەوتوو ,خاوەنی توانای هزری و بیرکردنەوەی هزری بەهێزە ,کەدەتوانێت ئەو وێنە هزرییەی لە ئاوەزیدایە ,بەهۆی توانای هزرییەوە لەوێنەی شیعرییدا مەبەست وئامانجەکانی بگەیەنێت .

**سەرچاوەکان :**

**بەزمانی کوردی:**

١- ئاڤێستا کمال محمود ,ئاوەزداری ودرككردنی زمانیی جێناوەلکاوەکان لەزمانی کوردیدا ,گۆڤاری زانکۆی ,ژمارە( ) ,٢٠٠٩. B سلێمانی ,بەشی

٢- ئاڤێستا کمال محمود ,وێنەی هزری ,ئاوەزداری لێکدانەوە سایکۆزمانییەکان ,ڕۆمانی (جەمشیدخانی مامم)ی بەختیار عەلی وەك مۆدێلێكی جیهانبینی کورد ,گۆڤاری زانکۆی سلێمانی, ژمارە (٤٢) )ئەیلولی٢٠١٣ .

B) بەشی

٣-جۆن لاینز ,زمان و کلتور ,و:هادی محمد ,گۆڤاری سەردەم ژ(٢٩),٢٠٠٣.

٤- شیلان عومەر حسەین ,پەیوەندی سینتاکس وسیمانتیك لەزمانی کوردیدا ,زانکۆی سلێمانی, نامەی دکتۆرا ,٢٠١٢.

٥- شیلان عومەر حسەین ,لێکسیکۆسیمانتیکی وشە لە ئەدەبی کوردیدا ,گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین ,ژمارە(١٣) ,کۆنفرانسی (کاریگەری زمان وئەدەب لەسەر بنیادی هزری ودرێژەپێدانی زانستی) , کانونی یەکەمی ٢٠١٧.

٦- دڵشاد عەلی ,دیلان وتاقیکردنەوەی شیعری ,سلێمانی, ٢٠٠٧. , ٢٠٠٢ .

٧- ظاهر لطیف کریم ,وێنە شاراوەکان ,زانکۆی سلێمانی, ژمارە (٩) .

٨- دیوانی عەبدوڵا پەشێو, هەسپم هەورە رکێفم چیا, چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە , هەولێر, ٢٠٠٦.

٩- دیوانی عەبدوڵا پەشێو, پشت لەنەواو روو لەکرێوە, چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە , هەولێر, ٢٠٠٦. ,ئازاری ٢٠١٢ .

١٠- کاروان عمر قادر, ,گۆڤاری زانکۆی سلێمانی, ژمارە(٣٤).

١١- لوقمان ڕەئوف ,بنەماکانی مۆدێرنە لەشیعرەکانی شێرکۆ بێکەسدا ,سلێمانی, ٢٠٠٩.

١٢- محەمەدی مەحوی, ئاوەزداری –ڕێزمانی ناوەڕۆك وابەستە, سلێمانی,٢٠٠٦

١٣- هۆگر محمود فەرەج ,پراگماتیك و نیشانە واتاییەکان ,سلێمانی, ٢٠٠٠.

**بەزمانی عەرەبی:**


١٤- سمير أحمد معلوف ,الصورة الذهنية (دراسة فى تصور المعنى ), مجلة جامعة دمشق ,المجلد٢٦-العدد الاول+الثانى ,٢٠١٠.

١٥- حميدة عوايجية ,اثر الصورة الذهنية البصرية فى التعرف على الكلمات المكتوبة لدى الحبسى ,جامعة الجزائر,٢٠٠٧-٢٠٠٨

١٦ - عادل بشير الصارى ,ماهية الصورة الشعرية ,المحاور :الادب والفن , ٢٠١٢/٥/٢٥ العدد:٣٧٣٨.

١٧- ما-هى-معرفة/https/mawdoo3.com


**بەزمانی ئینگلیزی:**


Morris G. Watkins, Lois I. Watkins , THE ALL NATIONS ENGLISH DICTIONARY,1990 , p333-١٨